# پیشەسازیی ڕەجم

## ڕێبوار ڕەشید

حەمەی شافیعی کوڕی حەمەی حەنەفی کوڕی حەمەی حەمبالّی کوڕی حەمەی مالیکی لە دانیشتووی شاری شارویّران، سەر بە تەکیەی عەبدولاّخانی سەلەفی، خەلّکی ئەو ولاّتە بوو کە لە داستانەکانی ئینجیلدا بە "باخی عەدەن" ناسراوە، کورە چلّمنەیەکی بەدبەختی خێرلەخۆنەدیو بوو. بێکار و بێکاسبی، بوو بوو بە سەرزەنشتەی دۆست و ناسیاو. بێئاگا لە دەنگوباسی ولاّت تازە ئەو وێنانەی دەبینی کە ژنێکیان سەنگەسار دەکرد. لەگەلّ بینینی فیلمەکەدا دەستی دایە پرمەی گریان و لە حەیبەتاندا وەک کەولّ کرابێت هەلّ دەبەزیەوە.

هێندە گریا و هێندە بە دەم گریانەوە هات و چوو، لە بیری چووەوە بۆچی دەگریا. بە خۆی گوت دەی مەسەلەیەک نییە، گریان زەرەر نادات، خۆ دەتوانم بۆ حالّی خۆم بگریەم. لە نەگبەتی و بێچارەیی و بێپارەیی خۆی دەڕاما. ئەوی پێی بگوترایە هەبوون بۆ ئەم "بێ" یەکی لەبەردەمدا بوو.

لە پڕدا هاواری لێ بەرزبووەوە:

ئەرێ وەلاّ دۆزیمەوە، دەبم بە ملیاردێری ئەم ولاّتە.

ئاگای لێ نەبوو کە دایکی پیرەژنی کە شەو تا ڕۆژ دوعای شەڕی لێدەکرد لە پشتیەوەی ڕاوەستاوە. پێی گوت هەتیو دەبیت بە ملیاردگو. وا منت لە برسان کوشتووە، قرانێکت دەست ناکەوێت و ئاخریەکەی دەزانم دەبێت بە خێر و لە ڕێی خودادا بمشۆن و بمنێژن.

حەمە گوتی، کورە دایەگیان پێغەمەری ئەم دونیایەیە هەموو لەم ناوچەیە لەدایکبوون. تۆ کە چەند ساڵە ڕوو لە خودا و لە قیبلە دەکەیت، لە خۆت نەپرسیەوە بۆ.

دایکی کە پێی وابوو حەمەکەی ئیتر تووشی شێتیش بووە چەمۆلەیەکی لێنا و بەجێیهێشت.

ئەو شەوە حەمە نەخەوت و هەتا بەیانی کاری کرد. لەسەر هەرچی کاخەزەکۆن و پەڕەی دڕاو و پارچەی فڕێدراوە، هێندەی کە شتی لەسەر بنووسرێت، بانگەشەی بۆ ئەو کاسبیەی کرد کە پێی وابوو دەیکات بە ملیاردێر. هەمووی ئەوەی کە نووسی چوار پێنج وشە بوو لەگەلّ ژمارەی تەلەفۆنەکەیدا: ڕەجمکردنی ئافرەت بە هەرزان.

سەرلەبەیانی کە گەیشتە مالّێ هەستی بە شانازی دەکرد. ئازاری کار و هەلّسووڕان تەواو ماندووی کردبوو، بەلاّم دلّشاد بوو، چونکە یەک دانە دیواری شار نەمابوو پارچەی بانگەشەی کاسبیەکەی خۆی لێ نەدا. هەرئەوەندە فریا کەوت تەلەفۆنەکەی کوژاندەوە و لێی خەوت.

کاتێک خەلّکی شار خەبەریان بووەوە ئەو هەموو پارچەکاخەز و پارچەپەڕۆیەیان بینی کە بە هەموو دیوار و عەمودێکی ئەلەتریک و وایەرێکی ئەلەتریکی شارەوە هەلّواسرابوو واقیان وڕما. هەمووی لەم سەر بۆ ئەو سەر هەر ئەوەی لێ نووسرابوو: ڕەجمکردنی ئافرەت بە هەرزان.

کوتەکاخەزی ڕۆژنامە و گۆڤار، پارچەپەڕۆی کراس و پانتۆلّ و شەرواڵی دڕاو، پارچەی ژێرکراس و دەرپێ قوتە و سوخمەی مەمک و پەڕۆی بێهداشتی هەموو هەر هەمان پەیام و ژمارەی تەلەفۆنیان لەسەر بوو. ڕەنگی زەرد و شین و خاکی و قاوەیی و وەنەوشەیی و چی و چی هاوئاهەنگیانە تێکەلّ بووبوون.

خەلّکی شار زەندەقیان چوو. ئەمە لە کاری بەنی ئادەم نەدەچوو.

چ هێزێک هەیە هەموو دیوارێکی کوچە و کۆلاّنی شار بە ملیۆنەها پارچە دابپۆشێت؟ ئەگەر کاری خودا خۆی نەبووبێت کاری کەسێک بووە کە خودا هیدایەتی داوە. ببینن، خودا هەمیشە هەلّبژاردەی

خۆی لە ئۆمەتی شەرەفمەندانی خۆیدا دەستنیشان کردووە. بەڵگەی ناوێت، سەیری مێژوو بکەن دەیبینن.
ئەو دەستوخەتە جوانە، ئەو پەیامە ئازایە، ئەو کارە هونەریە! ئەو هەموو جۆرە هەڵواسینە، بێ بزمار، بێ مێخ، بێ کەتیرە، بێ سرێش، بێ بەن، بێ دەزوو. هەروا سووک و هاسان سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندی سرووشت. ئەم کارە دەر لە هیدایەتی خودا بە کێ دەکرێت؟
مقۆمقۆی پیاوانی شار سەراپای ڕۆژنامە و گۆڤار و شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانی داپۆشی. باربەر و مامۆستا و خوێندکار و کرێکار و مسگەر و سەرتاش و چی و چی بە گرووپ و بە دەستە لەسەر پەیامەکە دەدوان و ئاماژەیان بە گەورەیی کارە هونەریەکەی دەکرد. دەستی خودا لە دوور ڕادا دیار بوو.
گرمەگرم و هەراوهوریایەک پەیدا بوو، ئافرەتان زەندەقیان چوو. وردە وردە ئافرەتانی شار لە چاو ونبوون، بازاڕ و خوێندنگا و نەخۆشخانەکان ژن و کچیان تێدا نەما و هەموو خۆیان خزاندە کونی ژوورەوە و لە ماڵەکانی خۆیاندا گیرسانەوە. ئیتر نە ئاسمانیان لێ دیاربوو، نە ئاسۆ.
سەر لە ئێوارە درەنگانێک کە حەمە لە خەو هەستا هەموو گیانی داهێزرابوو، باڵ و شان و لاق و قامکی بۆ نەدەبزووا. نینۆکی پەنجەکانی هەمووی خورابوون. بە دەم باوێشکەوە هاتە بەردەرگا دیمەنی گەڕەکەکەی خۆیان هەناسەی لێ بڕی. بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد. چۆن تووانیویەتی ئەو هەموو کوتەکاخەز و پەڕۆیە هەڵبواسێت. پێکەنینی بە خۆی دەهات، ملپێچ، بەرهەڵبێنە، مەمکدان، ژێرکراس و پەڕۆی خوێن بەو سەرەوە با دەیشەکاندنەوە و سەدان ڕەنگیان خەملاندبوو.
پیاوان لەم سەر دەچوون بۆ ئەوسەر و تا زیاتر تێیان دەڕووانی پتر گەورەیی خودا کاری تێ دەکردن. هەموو پرسیاریان لە یەک دەکرد: بە یەک دانە شەو ئەم کارە عەزەمەتە چۆن دەکرێت؟
حەمە هاتە ژوورەوە و بە پەلە تەلەفۆنەکەی داگیرساند. لە چرکەیەکدا سەدان پەیامی نووسراوە و پەیامی دەنگیی بە دوای یەکدا هاتن. نەیدەزانی کامەیان بخوێنێتەوە و گوێ لە کامەیان بگرێت، بەڵام غیرەتی کاری دوێ شەوی بە تەواوی بەهێزی کرد. دەستی بە خوێندنەوە و بە گوێگرتن کرد:
"کاکە ڕەجم بە چەندە؟"، "کاکە لە کوێ؟، چەندمان لێ دەستێنیت؟"، "برا بە دۆلار یان بە پارەی خۆمان، قوربان هەر دەبێت دیناری ئەسڵی بێت یان ئەوەی خۆشمان وەردەگریت؟"، "ئەرێ برا پێش ڕەجمەکە فەحسی دەکەیت یان نا، عەیب نەبێت جیهازت هەیە یان بە چی؟"، "کاکە ڕەجمەکەتان چۆنە، بە بەردە، بە بلۆکە بە چییە، ئاخر ماڵئاوەدان تۆ هەر چوار کەلیمەت نووسیووە"، "کاکە کچ بە چەندە و ژن بە چەندە، خۆ ئیشەڵا یەک نرخیان نییە؟"، "ئەرێ کاکە، دە دانە پێکەوە بە چەند ڕەجم دەکەن؟"، "خاترمان بگرن مەسەلەی شەرەفە"، "بە قورئان حەقە ئومەیی موتەحیدە پارەکەی بۆ بداینایە، ئەی مافی مرۆڤ یەعنی چی؟ مەگەر شەرەفپاراستن مافی مرۆڤ نییە؟"، "قوربان ئێمە دوو سێیەکمان هەیە، بەڵام دژی وشەی 'ڕەجمین'، پێمان خۆشە وشەی 'بەردبارانکردن' بەکار بهێنیت، کاکە شەرەفمان چووە با کوردایەتیمان نەچێت"، "قوربان خۆتان دەیکەن یان بە کرێکار دەیکەن، کرێکاری سۆماڵی و بەنگلادیشین یان ئی خۆمانەن؟"، "کاکە، برا نە دەکرا نووسینگەیەکت هەبێت، باشە دەی، شایەتومانی پێ دێنیت یان نایەڵیت بیهێنێت، یان بە هەوەسی خۆمانە؟"، "کاکە ئێمە نامانەوێت شایەتومان بێنێت، دووبەرابەری پارەکەیشی دەدەین، پارە چییە، شەرەف موهیمە"، "ئەرێ برا، خۆت تەماشاوانی بۆ کۆدەکەیتەوە یان دەبێت ئێمە بە خزم و کەسوکار بڵێین؟"، "کاکە، براگیان، ئێمە دژی ڕەجمین، دەڵێن گوایە ڕەجم لە عەرەبەوە هاتووە، ئێمە حەز دەکەین ئەوی خۆمان بە کارەبا بکوژین، کارەباتان هەیە، یان جارێ هەر ڕەجمە"، "کاکە کاکە بیستوچوار سەعاتە خەتەکەت مەژغوڵە"، "کاکە تۆ تەلەفۆنێکم بۆ بکە، پارە لەسەر سەرم، پێویست ناکات زۆر خۆت بەمەی ئێمەوە مەشغوڵ بکەیت، هەر بەردێکی زل بکێشە بە سەریدا و

تەواو"، "ئەرێ کاکە بە قانوونی دەیکەیت، یان عەیب نەبێت پشت لە قانوون"، "بە قوربانت بم بۆ خۆت و سەنعاتت، خۆ مەسئولەکان هەموو شتێکیان هەر بۆ خۆیان دەوێت، هیچ دەست فەقیر و هەژار ناکەوێت"، "قوربان ئەگەر بە فیلمەوە بیگرن چەند دەکەوێت، دەبێت خۆمان بیهێنین یان خۆت دێیت و دەیبەیت؟".

پەیامەکان کۆتاییان نەبوو...

دایکی لە پڕێکدا هاتە ژوور سەیری کرد حەمە هەموو سەر دیوارەکەی ڕەش کردووەتەوە و پەیامەکانی یەک لە دوای یەک ڕیز کردووە و هەر لە سەر نووسینیان بەردەوامە. پیرەژن هاواری لێهەستا و ڕووی کردە قاپی خودا بەو حەوایەوە: خودایە بێ باوکت کرد، خەتی شافیعی و حەنەفی و مالکی و حەمبالێت پێ تێکەڵاو کرد. بەو برسی و تینوویەتیە شەووڕۆژ ڕوو دەکەمەماڵت، ئێستا چی لەم کوڕەم دەکەیت؟ جەرگی منە و عەبدی تۆ بەڵام، هەتا ئێستا قومێک ئاوت پێ نەداوە. ماڵت ئاوەدان بێت مەگەر هەر مەسئولەکان وەک تۆ دڵڕەق بن.

حەمە گوێی بە دایکی نەدا و لەسەر نووسینی خۆی بەردەوام بوو.

دۆست و ناسیاوان کە لەوە پێش سەریان دەخستە سەر حەمە و گاڵتەیان پێ دەکرد و لۆمەیان دەکرد، کاتێک کە زانیان ژمارەتەلەفۆنی حەمەیە و کار کاری ئەوە، سەریان سوڕما، بەرماڵیان دا بە کۆڵدا و بە تەزبیحی سەدویەک دەنکەوە، بە تکا و بە پارانەوە و بە چۆکەخشێ هاتنە بەردەمی: قوربان ئێمە کردمان تۆ نەیکەیت، بە خودامان بسپێرە و بچووکیمان قبووڵ بفەرموو. هەر لە ئێستاوە نوری خودات لێ دەبارێت، ڕووڕەشی قیامەتمان مەکە.

ناحەزانی حەمە لە دوورەوەبەزێنراو و ئەژنۆشکاو و هەنگاوشلبوو، کۆڕی دۆستان لە سەعاتێکدا بە سەدان زیادی دەکرد. هەموو شار و سەراپای وڵات لەسەرەدا وەستابوون زیارەتی بکەن. وێنەی حەمە وەکوو برووسکە بە سەر جادە و شەقام و کوچە و کۆڵانی وڵاتدا بڵاودەبووەوە. حیزبەکان بە پەلە بەرنامەی خۆیان دەگۆڕی و پەرەگرافی نوێیان بۆ پشتگیری لە سەنگەساران و بەردەباران و شێوەکانی ڕەجم دەردەبڕی. سەدان پارێزەر و سیاسەتچی لە گۆڕینی برگەکاندا بە قازانجی ڕەجم یاسا و ڕێسایان دەگۆڕی.

پیرۆزبایی لە سەرۆکی حوکمەت و بنی حوکمەت و پارلەمان و دام و دامەزراوەکانەوە وەکوو کولوی بەفر دەرژانە سەر ماڵی حەمە. پیرەژنی دایکی جاجمی لە خۆیەوە ئاڵاند و لەسەربان وێستا و دەستەی زیارەتکاران وەک هەنگی پوورەی شکاو دایان بەسەر ماڵیدا.

سەدان شیرکەتی تورکی و ئێرانی بە لیستی جیاوازی بەرد و خشت و بلۆکەوە کەوتنە بازاڕەکان. بەردی یەک کیلۆیی، دوو کیلۆیی، پێنج کیلۆیی. خڕەبەرد و پانکەڵەبەرد و خشتی چوارگۆشە و سێگۆشە و لاکێشەیی و بازنەیی بە نموونە دەنێردران. لیژنەی تایبەتی لە ئێرانەوە بەردی ئیسلامییان خستە بازاڕەوە، کە گۆشتی دەکوتا، بەڵام ئێسکی نەدەشکاند. بەرد هەبوو ناوەکەی ئاسنی تێدا بوو، ئی وا هەبوو چواردەورەکەی لاستیکی نەرم بوو، هەندێک مێخدار بوون و هەندێک زبر و تەڵاشدار. لە سعودی عەرەبیەوە بە دیاری خڕەبەرد گەیشت کە بە ئاوی زمزم و زیارەتی بەردەڕەش پیرۆز کرابوون.

لە ئەفگانستانەوە بە ڕەسمیی هەزاران داوانامە گەیشت. لە ئێران، پاکستان، هیندوستان، بەنگلادیش، سۆمالیا، سودان، سعودی عەرەبی، جەزائیر و چەندین وڵاتی دیکەوە لیستی دووورودرێژ بە پرسیاری نرخ و کات و چوونایەتیەوە دەگەیشتنە جێ. هەندێکیان سووربوون لەسەر ڕەجمی ئیسلامیی بە شێوەی ڕوو لە قیبلە،

ئەمە گەورەترین بێنەوبەرە و هەڵای نابووەوە.

پرسیار ئەوەبوو ڕەجمکراو ڕووی لە قیبلە بێت یان ڕەجمکاران.

هەزاران مەلا و شێخ و سەید و فەقێ و کادێرانی سیاسی ئەحزابی عەدالەتخواز و دیفاعکار لە مافی زەعیفە و مرۆڤ کەوتنە ناو موناقەشەکانەوە.
لە بازاڕی جیهانیی بۆرس بۆ کڕین و فرۆشتنەکانی سەهم لە شەووڕۆژێکدا سەهمی کاسبیەکەی حەمە وەک موشەک نرخی بازرگانیی نەوت و ڕووت و سێکس و چەک و مەوادی موخەدەری بەجێهێشت. وڵات لە بازاڕی ئازادی جیهانییدا نیچی پسپۆڕی و کارزانی و دەستوبردیی لە بواری سەنگساریدا بۆ خۆی داکوتا. ڕەجمی ئافرەتان بوو بە مارکە و بە پێی مافی خاوەندارێتی پارێزرا. هاوکات داواکان لەسەر ژمارە، نرخ، شێوەی کردن و جێبەجێکردن و چی و چی تا دەهات زیاتر دەبوون.
چەندین کەس لە بواری پێڕەوی حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەمبالی، هەر سیازدە ئیمامەکەی شیعە، ئێزیدی و چی و چیدا کاریان دەکرد. دووریی ڕەجمکراو و ڕەجمکاران لە یەکتر، گەورەیی بەرد، شێوەی تێگرتن، شێوەی وەستان، بە بێدەنگیی یان بە چەپڵەکوتان و هوهاکێشان، بە خوێندنەوەی ئایەت یان بە حەدیس، بە نەفرەت یان بە دەم گۆرانیەوە، ڕوو لە قیبلە، لە ڤاتیکان، لە نەجەف و لە کەربەلا و لە دیمەشق و لە ئورشەلیم، هەموو شێوەی تایبەتی بوون کە نرخ و تێچوونی خۆیان بە پێی لیستێکی دوورودرێژ دیاری کرابوو.
کار گەیشتە بانکی جیهانیی. ئەندامانی حوکمەت هاواریان لێهەستا و دەستیان کرد بە دانانی باج لەسەر پارەکان و لەسەر دانانی گومرگ لەسەر هاوردەکان. قازانجی گومرگ وەک لافاوی ڕێژنەباران بەرەو سەرێ هەڵدەکشا، گوێنی و تەلیس و ساک بەشی نەدەکرد، دۆلار و دینار و قڕان و لیرە لەسەر زەوی با دەی بردن.
باس بوو بە باسی بەرژەوەندی ئابووریی نەتەوەیی و قازانجی کۆمەڵ و خەزێنەی نیشتیمانیی. لە سەعاتێکدا هەزاران ئابووریکاری نەتەوەیی، ناسیونال ئیکۆنۆم، خەریکی حیسابات بوون.
پارەی ئەو وڵاتە سەد جار لە پارەی نەوتی سعودی عەرەبی و لیبیا و ڤەنزەوێلا و ئێران و ڕووسیا زیادی کرد. پیشەسازی ڕەجمی ئافرەتان ملیۆنەها کرێکاری لە خۆی دەگرت کە شەووڕۆژ سێ شیفتە لە کاردا بوون، لەسەر ئاستی پیادەکردن، فێرکردن، دەورەکردنەوە، قووڵبوونەوە، پشکنین، سەرپەرشتیکردن و شتی دیکە. ئیتر کرێکاران لە پراکتیکدا هەبوون و دەیانتوانی لەگەڵ کرێکارانی جیهاندا یەک بگرن.
پیشەسازی ڕەجم لە هەفتەیەکدا پشتی پیشەسازی قورسی وەکوو چەکدروستکردن، ئۆتۆمبیل، پاپۆڕ، فڕۆکە و شتی لەو بابەتەی شکاند. پیشەسازیەکە وا ورد و قووڵ بووەوە کە ئیتر ژنان و کچان بەر لەوەی زینا و ناپاکی بکەن، بەرلەوەی ماچی حەرام بدەن، بەرلەوەی چاوبگێڕن و چاوهەڵبدەن، ناویان دەنووسرا بۆ ئەوی پێشوەخت سووکەڕەجمێک بکرێن. سەدان کارخانەی وڵات خەریکی بەرهەمهێنانی وردەبەرد بوون، دەورە و کۆرسی ڕەجم بە کوردی، بە تورکی، بە عارەبی و ئینگیلیزی و فەڕەنسی و زمانی دیکە دەگووترایەوە.
بەڵام لە پڕێکدا هەرچی کەناڵی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی حیزبی و ناحیزبیە کەوتە هاوار:
ژنان دیار نەماون.
– ئەوە کاری شەیتانە!
– شیتان دەستی خۆی لە کاری خودا وەشاندووە.
لە میحرابی مزگەوت و ئەڵتاری کڵێساکانەوە دوعای خێر لە شەڕی ناگەهان و بەڵای ژنان بەرزدەبووەوە.
خەڵکی ئاسایی هەریەکە و بە شێوەیەک هاواری دەکرد. یەکێک نەیدەزانی لەوە بەدوا کێ خۆراکی بۆ ساز بکات، یەکێک لە خەمی بەخێوکردنی منداڵدا بوو، هەندێک لە خەمی ماڵ پاککردنەوە و جل

شووتندابوون، هەندێک بیریان لە کاری شەرعی دەکردەوە و هەندێکیش نەیاندەزانی لەوە بەدوا لە کێ هەڵدەن.
ئەحزاب و حوکمەت لەسەر ئاستێکی دیکە مامەڵەی ئەو پرسەیان دەکرد و خەمیان دەخوارد: بە بێ ئافرەت پیشەسازیی ڕەجم و بەردبارانکردن چۆن بەڕێوە ببەن، چی بەسەر سەهم و پارەی وەگەڕخراویان دێت؟
هەموو ماخۆلانیان تێکەوتبوو و هەر دەهاتن و دەچوون. ئاگایان لێوە نەبوو کە ئاسمانی شار یەک پارچە بووبوو بە کۆترەشینکە و بە ئارامیی لە فڕیندا بوون.
کاتێک دایکی هات حەمە وەخەبەربهێنێت، بە زۆر لە خەوی هەستاند. حەمە چاوی بە ئاستەم بۆ هەڵ دەهات.
– دە هەستە کوڕم، وا ئێوارەیە ئەو ناڵەناڵەت لە چییە، دەڵێی لە خەوی مەرگدایت؟ هەستە سەیر بکە. وڵات یەکپارچە بە ئایەتی ڕەجمکردنی ژنان داپۆشراوە. عەیب نەبێت لەسەر سوخمە و دەرپێشیان نووسیووین. دە هەستە کوڕم، دە هەستە لە شوێنێک بمشارەوە.
– ماڵت بە قوڕێ نەگیرێت، خۆ ناهێڵیت من بە ڕەحەتیی بمرم.
– تۆ بۆ دەمریت کوڕم؟ پیاوان هاوار دەکەن شەرەفیان کەتووەتە خەتەرەوە. تۆ دەژیت، من دەمرم کوڕم.

٢٠٠٧/٥/٩